# مارشی ئۆكتۆبەر لە لەندەن دژ بەسیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریكا لە عیراق!




نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

ئەمرۆ ١٧-١٠-٢٠٠٤ ناوەندی شاری لەندەن جاریكی كە مارشیكی گەورەی دەیان هەزاری بەخۆیەوە بینی، كەلایەنەكانی ریكخەری ئەم خۆپیشاندانە بە ٦٥ تا ٧٥ هەزار خۆپیشاندەر لەقەلەمی دەدەن.

ئەم خۆپیشاندانە دریژەی خۆپشاندانی شوباتی ٢٠٠٣ بوو، كە بەملیۆن خەلك رژانە سەرشەقامەكان لەسەر ئاستی دنیادا كەنەخیریان بۆ سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی ووت لەبەرامبەر ئەوەی كەدەیانویست شەر بەدژی عیراق دەستپیبكەن، هەر ئەوكات هیزو كەسانی كۆمۆنیست و چەپ و ئینساندۆست و ئیتحادیە كریكاریەكان دەیانزانی سیاسەت و خواستی شەرخوازانەی ئەمریكا بەدژی عیراق، نەچەكی كیمیایی عیراق و نە پەیوەندی صدام حسینە بەقاعدەوەو نە




تاوانباری صدامە لەبەكارهینانی چەكی كیمیایی و كۆری بەكۆمەك و كیمیا بارانی هەلبجەو ئەنفال، بەلكو دەیانزانی كەسیاسەتی شەرخوازانەی نەزمی نویی خویناوی ئەمریكایە، بۆ گەورە دەسەلاتی خۆی بەسەر جیهانداو دەیانزانی شەریكی وا سیناریۆی رەشی ئەمرۆی لیدەكەویتەوە لەعیراقدا...

هیزی مارشی ئەمرۆ هەمان هیزە كەنایانەویت چیتر عیراق لەسیناریۆی رەش و ئایندەی نادیاردا بەدەست ئەمریكاو هاوپەیمانانی ناوخۆو دەرەكیەوە ببیتە قەسابخانەیەك كەرۆژانە خوینی دەیان و بگرە سەدان لەژنان و منالان و لاوان و پیر ببنە قوربانی سیاسەتی ئەمریكا وبەریتانیاو هاوپەیمانەكانیان، بۆیە شیعارەكانی ئەم خۆپیشاندانە گەورەیە ( نا بۆ سیاسەتی ئەمریكا، نا بۆ بۆش، نا بۆ بلیر، بلیر ئەبیت بروات، دەرچونی دەستبەجیی هیزە سەربازیەكان لەعیراق، بەناوی ئیمەوە شەر مەكەن، راوەستانی دەستبەجیی شەر و نا بۆ ئەمەریكاو نابۆ ئیسلامی سیاسی و دەیان شیعاری كە...)

هاوكات بەسەدان لەلایەن و كەسایەتی و حزب و ئیتحادیەی كریكاری و كەس و كاری ئەوانەی كە لەعیراق كوژراون بەشداریان كرد، لەوانە بول بیغلی برای كینیس بیغلی لەعیراق لەلایەن گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەكانەوە سەربراو هەروەها ریچ كایز، باوكی یەكیك لەسەربازە كوژراوەكان، كەبانگەوازیان بۆ خەلكی بەریتانیا ئەوە بوو كەبەشداری لەم خۆپیشاندانەو خۆپیشاندانی لەم جۆرە بكەن، بۆ ریگەگرتن لەكوشت و كوشتاری خەلك لەعیراق و گەرانەوەی هیزەكانی سەربازیەكانی بەریتانیا لەعیراق.

پەیامی خەلكی بەریتانیا و هیزە سیاسیە بەشداربووەكان، نابوو بۆ سیاسەتی ئەمریكاو بەریتانیا و




هاوپەیمانەکانیان کەچیتر عیراق لەگۆمی خویندا غەرق نەکەن. ئەو خەلك و لایەنە خۆپیشاندەرانە دەزانن لەسایەی سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکا ئایندەی خەلکی عیراق رۆشن نابیت، بۆیە بەمارشیکی واگەورە رژان و دەرژینە سەرشەقامەکانی ناوەندی لەندن، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو کوشت و کوشتارە بیت و ئایندەیەکی باشتر بۆ خەلکی عیراق دابین بکریت، کەئەو ئایندەیە نە ئەمریکاو هاوپەیمانە غەربییەکانی و نە حکومەتە دروستکراوەکەی عەلاوی لەلایەن ئەمریکاوە ناتوانن دابینی بکەن...



بەدوای چونە ناوەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق، ئەم جۆرە لەنارەزایەتی بەشیوەی جۆراوجۆر لەئاستی دنیادا دژ بەسیاسەتی ئەمریکا و کردنی عیراق بەناوەندی شەرو کوشتارو جەنگی تیرۆیستەکان و بەهیزە کردنی هیزە ئیسلامیە تیرۆریستەکان، هەر بەردەوام بوەو بەردەوامیش دەبیت. هەروەها نارەزایەتیە ناوخۆیەکانی ئەمریکاو بەریتانیا خودی دەولەتەکانیانی توشی ئەزمەو کیشەی ناوخۆیی وا کردوە کەگیروگرفتی زۆریی بۆ پیکهیناون.

هاوکات لەم ئاکسیۆنەدا هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران - حکمتیست بەشیعاری نا بۆ ئەمریکاو نا بۆ ئیسلامی سیاسی و چونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق، بەشداریان کرد.

٢٠٠٤-١٠-١٧